


لوقمان ڕادپەی

# چما دەبێت داڕێژەرانی سیاسەت دەستەوشەی کوردی بەکاربهێنن؟

وەرگێڕان: ئەستێڵ ئینسایت | کاروباری جیهانی

ژووری هزری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست | Middle East Forum

# چما دەبێت داڕێژەرانی سیاسەت دەستەوشەی کوردی بەکار بهێنن؟

**لوقمان ڕادپەی**

ژووری هزری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (Middle East Forum)

نۆڤامبری 2024

وەرگێڕان: ئەستێڵ ئینسایت

کاروباری جیهانی

ئەستێڵ ئینسایت
ASTELL INSIGHT

کوردستان بنیاتێکی تایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە. لە هەزارەی دووەمی پێش زایینەوە ئاماژە بە "کارد" کراوە. لە سەردەمی ئیمپراتۆریای ئەمەوییەکانیشدا، لە نووسراوەکاندا ناوی کــوردەکــان و کــوردســتان هــاتــووە. دووابــەدووای ئــەو، لە سەردەمی ســەلــجوقییەوە لــە ناوەڕاستەکانی سەدەی دوانزە، پارێزگایەک بەناوی "کوردستان" لە نزیک هەمەدان دامەزراوە.

ئەمڕۆ، کوردستان بە ئێران، عێراق، تورکیا، سوریا و قەوقازی باشووردا بڵاوبووەتەوە. سەرەڕای ئەوەیکە کوردەکان دەوڵەتێکی سەربەخۆیان نییە بەڵام لە زەینی خەڵکدا، کوردستان ماوەتەوە. بەدرێژایی ســەدەکــان و بــەتــایبەت لــە ســەد ســاڵی ڕابردوودا، دەوڵەتــەکــان لــەڕێگەی تــەفــریس (بەفارسکردن)، تەعریب (بەعەرەبکردن) و تەتریک (بەتورککردن)ـی زۆرەملێ، لە هەوڵی گۆڕانی دێمۆگرافی و سڕینەوەی شووناس و هەبوونی کوردەکاندا بوون.

دیپلۆماتکارانی خۆرئاوا دانی پێدا بنێن یان نا، پشتگوێخستنی ئەو دەستەوشانەی کە کوردەکان خۆیان بەکاری دەهێنن و پەسەنــدکردنی وشەگەلی ئــەوانــەی کە کوردیان ژێردەســت کردووە، سیاسەتــوانــانی خۆرئــاوا دەخــاتە ژێر گــوشــارەوە و تــووشی گیروگــرفتیان دەکــات و هــاوکات لێڵییەکیش لەسەر دینامیزمی ڕووداوەکان و ململانێکان درووست دەکات.

ڕەنــگە ئەمڕۆ دیپلۆمــاتــەکــان سەبــارەت بە "کــوردســتانی ســوریا" و " کــوردســتانی عێراق" یان "کوردەکانی ئێران و تورکیا"وە بدوێن؛ بەڵام سەدەیەک لەمەوبەر وشەکان بەجۆرێکی دیکە بوون. دیپلۆماتکارانی بریتانیا بە شێوەیەکی فراوان باسی هەر چوار هەرێمەکەی کوردستانیان کردووە:

ڕۆژهەڵاتی کوردستان (لە ئێران)، ڕۆژاوای کوردستان (سوریا)، باکووری کوردستان (تورکیا) و باشووری کوردستان (باشوور). جێگیرکردنی ئەم وشانە لە پرۆژەی پێرشیا (کە بوو بە ئێران) و دەوڵەت-نەتەوەکانی تاڕادەیەک تازەدامەزراوی -تورکیا، عێراق و سوریا- بۆ وێناکردنی کوردستان وەکوو چواربەشی لێکدابڕاو و کوردەکانیش وەک نەتەوەیەکی ناپەیوەست، ناهاوشێوە و پەرتەوازەدا، ڕۆڵێکی بەرچاوی گێڕا.

هەرچەن دەستەوشە کوردییەکانی وەکوو ڕۆژهەڵات (لە ئێران)، ڕۆژاوا (لە سوریا)، باکوور (لە تورکیا) و باشوور (لە عێراق) وەکوو چوار پارێزگای نێو وڵاتی نەتەوەیەک دەچن. گەرچی زنجیرەچیاکان سنووری نێوان تورکیا-عێراق و عێراق-ئێران دەستنیشان دەکەن بەڵام بەشێوەیەک مانادار و تەواوکەر نەتەوەی کوردیان دابەش نەکردووە: ڕێگە بازرگانییەکان و تێکئاڵاویی، تەنانەت لە دووای سەپاندنی سنوورەکان لەلایەن دەسەڵاتدارانی بیانییەوە هەر بەردەوام ماوەتەوە. ناسینەوەی ئەم ڕایەڵانە بۆمان ڕوون دەکاتەوە کە بۆچی کوردی بەشە جیاوازەکان لە سەردەمە ئاستەمەکاندا، بە دەم یەکەوە هاتوون. گریلا کوردەکان لە ڕۆژاواوە لە مانگی ئاگۆستی 2014 کوردانی ئێزدییان لە دەست داعش ڕزگار کرد و پێشمەرگەکانیش لە باشوورەوە بەرێکەوتن بۆ شکاندنی ئابڵۆقەی سەر کۆبانێ -لە ڕۆژاوا- لەکاتی هێرشی ئەو ڕێکخراوە ئیسلامییەدا. دووای بوومەلەرزەکانی 2011، 2017 و 2023، پزشکە کوردەکان سنوورەکانیان بڕی بۆ یارمەتیدانی هاونیشتمانییەکانیان و ئەمڕۆ ئەو بەرهەمانە بڵاو دەکەنەوە کە لەسەری نووسراوە "بەرهەمهاتوو لە کوردستان".

ئەوکاتەی کە باسی ناوی شوێنە نێوخۆییەکان دەکرێت، هەڵبژاردنی وشەکان زیانبەخشتر دەبن: سەدام حوسێن، ناوی پارێزگای کەرکووکی زۆرینە کوردی گۆڕی بۆ "التامیم" تا شوناسێکی ساختەی عەرەبی ببەخشێتە شارەکە، زۆر لەو دەوڵەتانەش کە کوردی تێدا دەژین، ناوە کوردییەکان دەگۆڕن؛ هەر وەکوو سەدام کە ناوچە کوردییەکانی پارێزگای کەرکووکی خستە سەر موسڵ بۆ ئەوەی کوردەکان بکات بە عەرەب، لە هەرکوێ کە دەژیان. ئێرانیش لە سنوورەکان کوردەکانی دابڕی تا جگە لە پارێزگای "کوردستان"، لە هەموو شوێنێک کەمینە بن.

یاری زمانەوانی لە ئاستی شار و گوندەکاندا زیانی کوشندەتری گەیاندووە. دەوڵەتی سوریا ناوی کۆبانێی بەعەرەبی کردووە و کردوویەتی بە "عین العرب"، گرێ سپی کردووە بە "تل الابیض". تورکیاش ناوی دەرسیمی گۆڕیوە بۆ " تونجەلی Tunceli " و ...هتد. بۆ سیاسەتوانان ئەگەر ناوە عەرەبی و تورکییەکان قبوڵ بکەن و ناوی خۆماڵییەکەی پشتگوێ بخەن، لە خۆیدا بەمانا قبوڵکردنی پاکتاوی ئێتنیکییە کە لەو ناوچانەدا کراون یان دەکرێن. بەو پێیەش کە ستراتیژی پاکتاوی کەلتووری بە باشی سەردەگرێت، تورکیا لە 2018دا لەگەڵ پرۆکسییە عەرەبەکانی و بە هێرش بۆسەر ڕۆژاوا دووبارەی کردەوە. بۆ نموونە ناوی گوندێکی کوردیان لە قوستان میقدادەوە گۆڕی بۆ Seljuk Obası و ناوی کەرزیلایان بۆ Dja’ar Obası گۆڕی. دوای داگیرکردنی عەفرین، تورکەکان ڕێگریان کرد لەوەی ناوی کوردی ناونووسی بکرێت و تەنیا ناوی عەرەبیان پەسەند دەکرد و پرۆگرامی خوێندنی تورکییان لە قوتابخانەکاندا داسەپاند.

تا ئێستا لە تورکیا، دەسەڵاتداران پیتە کوردییەکانیان وەکوو x, q, w قەدەغە کردووە چونکە لە زمانی تورکیدا نییە. وەکوو ئەوە وایە ئێف، بی، ئای (FBI) هێرش بکاتە سەر ماڵەکان و خەڵک بەرەو بەندیخانە پەلکێش بکات لەبەر بەکارهێنێنانی (ü) umlaut.

دووای سەدەیەک لە پەیماننامەی لۆزان کە کوردەکانی لە دەوڵەتی خۆیان بێبەش کرد، هێشتا ناسنامە و بوونی کوردەکان بەرچاوە. زۆر جار بەرپرسانی خۆرئاوا ئەم لایەنەی نارەزایەتییەکانی کورد نابینن، تەنیا لەبەر ئەوەی دەستەوشەی عەرەبی، تورکی و فارسی قبوڵ دەکەن.

لە واشنگتن زۆر کەس باس لەوە دەکەن کە خۆپیشاندانەکانی "Woman, Life, Freedom" بزووتنەوەیەکی خۆرسک بوو بۆ هێنانەدی ئازادی لە ئێران. لە حاڵێکدا ڕووداوەکە لەوە زیاتر بوو. لەو کاتەدا کە ناسیۆناڵیستە ئێرانییەکان و ڕاوێژکارە ئەمریکی و ئەورووپییەکان، بڵێسەی بزوتنەوەکەیان بە کوشتنی مەهسای 22 ساڵە -لە بنکەی پۆلیس- دەزانی، ناوە ڕاستەقینەکەیان پشتگوێ خست: **ژینا**. بەرپرسانی ئێران بۆ پەردەپۆشکردنی ڕەگوڕیشە کوردییەکەی نارەزایەتییەکان، ئەم کارەیان کرد. بە شوێنکەوتنی ئەوان و ڕەدکردنەوەی ناولێنانی ڕاپەڕینەکە بە "شۆڕشی ژینا" -وەک کوردەکان خۆیان دەڵێن-، بەردەنگە خۆرئاواییەکان ئەو گێڕانەوەیەی کۆماری ئیسلامی هەڵدەبژێرن و بەردەوام دووپاتی دەکەنەوە.

باوەشی کراوەی خۆرئاوا بۆ ناوی پێشمەرگە -کە ناوێکی کوردییە بۆ هێزی چەکداری کورد- ڕەنگە جیاکارییەک بێت کە ئەو ڕێسا گشتییە دەسەلمێنێت. پێشمەرگە بەگشتی پەیوەندییەکی

باشی لەگەڵ خۆرئاوادا هەیە، بە پێچەوانەی حەشدی شەعبی، کە باندێکی چەکداری تاوانباری سەر بە ئێرانن. ئەگەرچی هەر دوو هێزی پێشمەرگە و حەشدی شەعبی، وەک هێزی بەرگری لە کۆمەڵگەی خۆیان باس دەکرێن و جیاوازییەکی ئەوتۆ و ماناداریان لە ڕەفتاردا نییە، بەرپرسانی خۆرئاوا بە ئاسانی پێشوازی لە پێشمەرگە دەکەن بەڵام خۆیان لە هاوتا شیعەکانیان بە دوور دەگرن.

زمان گرنگە. هێزە ناوچەییەکان بە شێوەی دیپلۆماسی هەوڵی سڕینەوەی کورد و کوردستانیان داوە، بەڵام لە ڕووی کەلتووری و سیاسییەوە شکستیان هێناوە. کورد وەکوو هەبوونێکی گرنگ دەمێنێتەوە و دەسەڵاتە ناوچەییەکان بەردەوام لە شکستی خۆیاندا پشگوێی دەخەن. کاتێک بەرپرسانی خۆرئاوا لاسایی زمانی چەوسێنەرانی کورد دەکەنەوە نەک هەر لایەنگری هەڵدەبژێرن، بەڵکوو یەکێک لە پێکهێنەرە گرنگەکانی سیاسەت و کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە دەست دەدەن، پێکهاتەیەک کە لەناو ناچێت.

---

سەرچاوە:

https://www.meforum.org/mef-observer/why-policymakers-should-use-kurdish-terms

* د. لوقمان ڕادپەی لێکۆڵەرێک لە بریتانیایە. کارناسی کوردستان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەندامی هاوکاری "کۆڕی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست" (Middle East Forum) و نووسەری کتێبی "بەرەو کوردستانێکی سەربەخۆ: مافی چارەیخۆنوسین لە یاسای نێونەتەوەییدا". ڕادپەی لە درێژەی یەک دەیەی ڕابردوودا بەشێوەیەکی بەرین لەسەر دۆخی یاسایی پرسی کوردستان و ڕەهەندە یاساییە نێونەتەوەییەکانی مافی دیاریکردنی چارەنووسی خەڵک و نەتەوەکان نووسیویەتی.